Ministry of Higher Education and Scientific Research

بەش : زمانی کوردی

کۆلێژ : پەروەردەی شەقلاوە

زانکۆ : سەلاحەددین

جۆری بابەت : ژانرە ئەدەبییەکان

پەرتوکی کۆرس : قۆناغی سێیەم

ناوی مامۆستا : کامران ابابکر خضر

ساڵی خوێندن : ٢٠٢٠-٢٠٢١

# پەرتوکی کۆرس

| | |
|---|---|
| 1.ناوی کۆرس | ژانرە ئەدەبییەکان |
| 2. ناوی مامۆستا | کامران ابابکر خچر |
| 3. بەش و کۆلێژ | زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردەی – شەقلاوە |
| 4.پەیوەندی | kamaran.khudhur@gmail.com |
| 5.یەکەی خوێندن بە(کاتژمێر) لەیەك هەفتەدا | ٢ کاتژمێر – تیۆری لە هەفتەیەکدا |
| 6. ژمارەی کارکردن | ڕۆژانی شەممە ، ٢ شەممە ، ٤ شەممە / لە کۆلێژ ئامادەی وانەوتنەوەم هەیە<br>ڕۆژانی ١ شەممە / کاتژمێرەکانی کتێبخانە<br>ڕۆژانی ٣ شەممە / کاراکردن و کارکردن و کۆبوونەوە لەو لیژنانەی تێیدا ئەندامم |
| 7.کۆدی کۆرس | |
| 8.پرۆفایلی مامۆستا | لەدایك بووی : پایزی(1988) لە قەزای شەقڵاوە ..<br><br>• لە ساڵی (2007) ناوی لە (زانکۆی صلاح الدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات – بەشی زمانی کوردی) دا هاتۆتەوە.<br><br>• دەرچووی ساڵی (2010-2009) یە ، بە نمرەی (81).<br><br>• پلەی ( یەکەم )ی لە سەر ئاستی بەشی زمانی کوردی و پلەی (سێیەم) لەسەر ئاستی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەدەستهێناوە .<br><br>• لە ( دە یەکەمەکانی دەرچووی زانکۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە (زمانی کوردی) بۆ ساڵی (2010) .<br><br>• ناوی لە ( تابلۆی شانازی) یەکەمەکانی زمانی کوردی تۆمارکراوە.<br><br>• لە ساڵی (2010) وەك مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاقوبانی خواروو- پەروەردەی شەقڵاوە) لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراوە.<br><br>• دواتر لە ساڵی (2011) ڕاژەی گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی - زانکۆی صلاح الدین- کۆلیژ پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زمانی کوردی و وەك (یاریدەدەری توێژەر – معید ) دەستبەکاربووە.<br><br>• دواتر لە ساڵی (2014) دەستی بە خوێندنی ماستەر کردووە ، لە زانکۆی ڕاپەڕین – فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ– بەشی زمانی کوردی . |

| | |
|---|---|
| | • لە 2016/6/4 گفتوگۆی نامەکەی بەناونیشانی (شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست –لە ساڵانی 1980-1991 دا) کراوە و بە پلەی (زۆرباش) وەرگیراوە و بڕوانامەی (ماستەر)ی لە ئەدەبی هاوچەرخی پێبەخشراوە.<br><br>• لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند وتارێکی لە بواری ( کۆمەڵایەتی ، رۆشنبیری ، پەروەردەیي ، ئەدەبی) بڵاوکردۆتەوە .<br><br>• لەماوەی کارکردنیدا بەشداربووە لە چەندین خوول: لەوانە (توانستی کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی ، ڕێگاکانی سەرکەوتن لە ژیان ، پێگەیاندنی سەرکردە، زمانی فارسي ، ڕێگاکانی وانە ووتنەوە... ... )<br><br>• ئەندامە لە چەندین کۆمەڵە و دەستەي ڕیکخراوەيي حکومي / ناحکومي.<br><br>• دووساڵ لە مامۆستا بووە لە بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی – زانکۆی صلاح الدین- هەولێر<br><br>• لە 11/ 10/ 2018 ، نازناوي زانستی (مامۆستای یاریدەدەر)ی پێبەخشراوە.<br><br>ئێستاش مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی - کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە – زانکۆی صلاح الدین- هەولێر. |
| 9. وشە سەرەکییەکان: | چەمک و پێناسەی ئەدەب ، ڕەگەزەکانی ئەدەب<br>چەمک و زاراوەی ژانر ، سەرەتایەک بۆ ژانرە ئەدەبییەکان<br>ژانرەکان : ( شیعر و پەخشان)<br>شیعری لیریک ، شیعری داستانی ، شیعری شانۆگەری ، شیعری فێرکرن<br>ئەدەبیاتی زاری کرمانجی سەروو : شیعر / جزیری ، خانی.<br>جۆرەکانی پەخشان / ژانرەکانی پەخشان لە ڕووی هونەرییەوە : ( چیرۆک و ڕۆمان ، ووتار ، ژیننامە ، دواندەری ... هتد) |

10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

میللەتان هەموویان خاوەن مێژوو و سنوور و کلتور و زمانی تایبەت بە خۆیانن ، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەدەبەکەیان ڕەنگدانەوە و گوزارشت کردنە لە خۆیان و شارستانیەتەکەیان .
کوردیش وەک هەر میللەتێکی تری ئەم جیهانە بوونی هەیە ، ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نییە ئەویش بەهۆی چەندین هۆکار (دەرەکی ، ناوەکی) ، بەڵام ئەمە نەک بۆتە هۆی لاوازی ئەدەبەکەی ، بەڵکو هونەر و ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر و بەپێزتر کردووە و خاوەنی چەندین شاعیر و ئەدەبنووس و پەخشان نووسی لێهاتووە، کە ئەمەش بۆ زرنگی و زیندووەتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە .

بەشێوەیەکی گشتی باس لە ژانرەئەدەبییەکان (شیعر – پەخشان) دەکرێ و لەوێشەوە ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دەخرێنە ڕوو و بە بەڵگە و نموونەوە ، ئەمەش دەروازەیەک بۆ قوتابیان دەکاتەوە کە زیاتر ئاشنای بواری ئەدەبی ببن .

**11.** ئامانجەکانی بابەتی کۆرس :

بەگشتی ئامانج لە وتنەوەی ئەم بابەتە ئاشناکردنی قوتابیانە بە ژانرە ئەدەبییەکان ، چونکە ژانرە ئەدەبیەکان ، وەک دڵۆپەکانی دەریای ئەدەبن ، چونکە تیایدا باس لە هونەرەکانی ئەدەب بە گشتی و کوردی بەتایبەتی دەکرێ و تەواوی ئەدەبەکەمان لە ژێر جۆر و ژانرەئەدەبییەکان پۆلێن دەکرێن ، ئەمەش قوتابی ئامادەدەکات کە لە بابەت یا لە پۆلەکانی تر بتوانن سوودی لێ ببینن بە تایبەت لە بابەتەکانی ( ڕێبازە ئەدەبیەکان ، ئەدەبی نوێ ، ئەدەبی هاوچەرخ ، ئەدەبی بەراوردکاری ، ڕەخنەی ئەدەبی ... هتد ) لەگەڵ ئەوانەشدا ئامانج و مەبەستی تایبەتی و سەرەکی لە خوێندنی ئەم بابەتە ، ئەوەیە کە :قوتابیان جۆر و ژانرەکانی ئەدەب و ڕەگەز و بنەماکانیان بزانن و بناسن ، تاوەکو لەم ڕێگەوە شارەزای نوسینی شێوازی ژانرەکان ببن و پەرە بە تواناکانییان بدەن یان بتوانن لە ڕووی هونەرییەوە دەقە ئەدەبیەکان هەڵسەنگێنن ، بە پێگیربوون بە بنەمای هونەری و لە ڕووی پێکهاتە و جۆر و ڕەگەزەوە ، ئەویش بەسوود وەرگرتن لە چەمک و زاراوەکا لە ڕەخنەی ئەدەبی .

**12.** ئەرکەکانی قوتابی:

ئەرکەکانی قوتابی بۆ ئەم بابەتە بریتین لە :

ئامادەبوون لە وانەکان , پابەندبوون بە فەلسەفەی ڕیگاکانی وانەوتنەوەی مامۆستا , ئەنجامدانی تاقیکردنەوە , ئامادەکردنی سیمنار و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بە بابەتەکە , بەشداری کردن لە بابەتی ڕۆژانە .

**13.** ڕێگای وانەوتنەوە و هۆیەکانی فێرکردن:

ڕێگای وانەوتنەوە و ڕێگای گفتوگۆ و ڕێگای پرسینەوە .

هۆیەکانی فێرکردنیش بریتین لە ؛ ئامادەکردنی بابەتەکە بە پاوەرپۆینت ، داتاشۆ , سەرچاوەی بەردەست لە پەتووک و گۆڤار و ڕۆڤار و ڕۆژنامە , پێنوس و تەختە و کەرەستەکانی تری بەردەست .

**14.** هەڵسەنگاندن :

تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم ٢٠ نمرە + تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم ٢٠ نمرە = ٤٠ نمرە کۆششی ساڵانە .

تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی خوێندن = ٦٠ نمرە

کۆی گشتی = ١٠٠ نمرە

**15.** دەرئەنجامەکانی فێربوون:

لە کۆتایی قوتابی دەگاتە ئەو ئەنجام و مەبەستەی کە شارەزاییەکی باش پەیدا دەکات لە بابەتی ژانرە یەدەبیەکان .

دواتر ئەو قوتابیانەی کە حەز لەم بوارە واتە هەر ژانرێکی ئەدەبی دەکەن بە سوودوەرگرتن لەو زانست و زانیاریانەی کە لەپۆل لەکاتی وانەوتنەوە و لە خوێندنەوە لە سەرچاوەکان وەری دەگرێت دەرگای بۆ واڵا دەکات کە لەم ڕێگایەوە شارەزایی نوسینی شێوازی ژانرەکان ببێ و پەرە بە تواناکانی بدات یان دەتوانێ لە ڕووی هونەریەوە دەقە ئەدەبیەکان بناسێت و دواتر هەڵیان بسەنگێنێت بە پێگیربوون بە بنەمای هونەری و لە ڕووی پێکهاتە و جۆر و ڕەگەز ، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە چەمک و زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دواتر بڵاوی بکاتەوە و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەبەرامبەردا وەربگرێت .

**16.** لیستی سەرچاوەکان :

١. ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، شکوریە رسول ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ، ١٩٨٩.

٢. تیۆری ئەدەب ، شکری عزیز ، و. سەردار گەردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ٢٠١٠.
٣. دەقی ئەدەبی ، فواد رشید ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، ٢٠٠٧.
٤. بەرەو ئاستانەی چیرۆک ، گۆشە نیگاکان ، عبدالله سراج ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧.
٥. رۆمان ، پێناسە : بنەما ، تێبینی ، عبدالله سراج ، گۆڤاری کاروان ، ژ١٠٨ ، ١٩٩٧.
دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی ، د.هیمداد حوسێن ، هەولێر ، 2010 .
٦. رۆژنامەوانی کوردی (سەردەمی کۆماری کوردستان 1943-1947 ، د.هیمداد حوسێن ، 2008 .
٧. قوتابخانە ئەدەبیەکان ، رەزا سەید حوسین ، و/حمە کریم عارف ، 2006 .
٨. گەڕان بەدوای شیعر و شیعریەتدا ، عەتا قەرەداغی ، سلیمانی ، 2009 .
٩. بنیاتی شانۆی کوردی ، لە بلاوکراوەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ، 1996 .
١٠. ئەدەبی بەراوردکاری ، عەزیز گەردی ، زانکۆی سەلاحەددین ، 1987 .
١١. مێژووی ئەدەبی کوردی ، مارف خەزنەدار ، 1851-1914 ، سالی 2004 .


17. بابەتەکانی کۆرس: ناوی مامۆستای وانەبێژ : کامران ابابکر خضر

| هەفتەکان | بابەتەکان | کاتەکەی |
|---|---|---|
| یەکەم | ناساندنی کۆرس بووك | 2 کاتژمێر |
| دووەم | چەمکی ئەدەب و ژانرەکانی و مێژووي دەرکەوتنیان | 2 کاتژمێر |
| سێیەم | دەروازەیەک بۆ ئەدەبیاتی جیهانی | 2 کاتژمێر |
| چوارەم | پێناسە جیاوازەکانی ئەدەب لە رووی مێژووەوە ، رەگەزەکانی ئەدەب | 2 کاتژمێر |
| پێنجەم | چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان | 2 کاتژمێر |
| شەشەم | شیعر و مێژووی دەرکەوتنی | 2 کاتژمێر |
| حەوتەم | جۆرەکانی شیعر | 2 کاتژمێر |
| هەشتەم | شیعری لیریکی | 2 کاتژمێر |
| نۆیەم | شیعری ئیپیك | 2 کاتژمێر |
| دەیەم | ناوەرۆکی شیعری کوردی بەگشتی | 2 کاتژمێر |
| یازدەیەم | تاقیکردنەوەی یەکەم | 2 کاتژمێر |
| دوازدەیەم | پەخشان | 2 کاتژمێر |
| سێزدەیەم | چەمکی پەخشان | 2 کاتژمێر |
| چواردەیەم | هونەرەکانی پەخشان | 2 کاتژمێر |
| پازدەیەم | چیرۆك | 2 کاتژمێر |
| شازدەیەم | مێژووی چیرۆکی کوردی | 2 کاتژمێر |
| حەڤدەیەم | رەگەز و پێکهاتە و جۆرەکانی | 2 کاتژمێر |
| هەژدەیەم | رۆمان ، مێژووی رۆمانی کوردی | 2 کاتژمێر |
| نۆزدەیەم | رەگەز و پێکهاتە و جۆرەکانی | 2 کاتژمێر |
| بیستەم | وتار | 2 کاتژمێر |
| بیست و یەکەم | جۆر و تایبەتمەندیەکانی | 2 کاتژمێر |
| بیست و دووەم | تاقیکردنەوەی دووەم | 2 کاتژمێر |
| بیست و سێیەم | گوتار / دواندەری ، جۆر و تایبەتمەندیەکانی | 2 کاتژمێر |

| | | |
|---|---|---|
| بیست و چوارەم | شانۆگەری ، مێژووی شانۆگەری | 2 کاتژمێر |
| بیست و پێنجەم | سەرەتایەک بۆ شانۆگەری کوردی و جۆر و تایبەتمەندیەکانی | 2 کاتژمێر |
| بیست و شەشەم | ژیننامە و جۆر و تایبەتمەندیەکانی | 2 کاتژمێر |

18. نموونەی تاقیکردنەوە:



سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
کۆلێژی پەروەردە- شەقلاوە
بەشی زمانی کوردی

بابەت : ژارە ئەدەبییەکان
ڕێککەوت: / / ٢٠١٩ ، ڕۆژ : شەمە
ماوەی تاقیکردنەوە : ( کاتژمێر)

بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:
پ١/ مەبەست لە وتار چییە و تایبەتمەندییەکانی چین؟
پ٢/ لە ئەدەبی کوردیدا شیعر کۆنترە ، یان پەخشان ، بۆچی؟
پ٣/ ئەدەب چییە و ڕەگەزەکانی کامانەن؟